# ئەز حەیرانێ تەمە... بەڵام !

لەبارەی دکتۆر بەرهــەم ــ ەوە

موحسین جوامێر

دکتۆر بەرهەم ساڵح لە لێدوانێکی ڕۆژنامەگەریدا بۆ ڕۆژنامەی ئاسۆ، وتبووی:" ***زمانم ببڕن ، سوێندی وەلاء بۆ عێراق ناخۆم ، کە فیدرا ڵی ودیموکراتی ودابینکاری مافەکانی خەڵکی کوردستان نەبێت*** "...دیارە هــەڵوێستێکی ئاوا ، نیشانەی ئەوەیە گەلی ئێمە لە پێگەیاندنی ڕۆڵەکانی لە گەشان ونەشان دایە وسەرکەوتوو بووە، سووریشە لەسەر ئەوەی کە دەبێ سەردانەنەواندن بۆ نەیاران وپیلانەکانیان ، یەک لەخەسڵەتەکانی سیاسەتوانی کورد بێت و هــەوای سوحبەت فریوی نەدا و هــەمیشە عەگیدی سەری مەیدانێ بێت.

ئەو ڕاگەیاندنەی کاک بەرهەم ــ هــەروابێتەوە ــ جاڕدانی ئەو ڕەوشی تەژی لە ناسۆرو نائومێدییەیە کە ڕووبەڕووی لایەن وبەرەی کوردستان بووەتەوە . ڕۆژبەڕۆژیش زێتر گڕ و بڵێسەی متمانە بە وانەی تا دوێنێ ــ بۆ بەرژەوەندی خۆیان ــ یارویاوەری بوون وسەناخوانی ئەویان دەکرد ، کپ دەبێتەوە...
بە تەخمینی بەندە ، ئەگەر کورد وریا نەبێ ، فاقێکی گەورەی بۆ نراوەتەوەو زلهێزانی نێزیک و دوور بوونەتە دەستەبرا وخۆیان مات داوە، سەرەپیلانەکەش ــ لەم سەروبەندەدا ــ بەدەست حکوومەتی جەعفەری ــ یەوەیە...ئەو زیبک تێگرتنەی هۆگر و هاوئامانج ونیازی ئەو ئاغایە، هاوکات لەگەڵ ئەو خەنجەرلێدانە ــ نەک هەر لە پشتەوە ، تەنانەت لە پێشەوەش ــ لە هاوپەیمانیی کوردستانی وبەدیار سەرکردانی کوردەوە، بە خۆهەڵبواردن لە جێبەجێکردنی بەڵێنە دوولایەنییەکان وبەفەلسەفاندنی کۆڵکە تێزە وشکهەڵاتووەکانی ــ بەناو برایەتی وخزمایەتی و هاونیشتمانییەتیی بێبنەما ــ لەسەدەی بیست ویەکەمدا ، زەنگوڵەی مەترسین..!.

وێ دەچێ بریاری هــەڵپێچان و تووڕدانی ئەو ژمارە زۆرەی ئەفسەرانی کورد ــ کە ئەسڵەن کەرکووکین ــ لەکەرکووک و لەم بارودۆخە ناسکەدا ــ سەرەتایەک بێ بۆپێڕەوکردنی سیاسەتی بە قەولی سالمی شاعیر (میخلەب لە بەرت گیر کەم ، دەرچێ لە عەقەب گیانت) و مەشق:
پێکردنێک بێت ... ڕاگرتنی ئەم بریارەش ــ کە هەڵە نەبووە، بگرە قەباحەتێکی بەئەنقەستی مێژوویی بوو ــ کە تەنانەت خودی بریاردەرانیش دەزانن جارێ سەر ناگرێ ــ ئەوە ناگەیەنێ پەژیوان بووبێتنەوە، یاخود داوای لێبووردن لە کورد بکەن ، بەڵکە ئەڵقەی یەکەمی شانۆنامە کۆنباوە نوێیەکەی ئەم سەردەمەی هــەنووکەمانە... پەیامێکە بۆ کورد کە (ئەندامی وەک عەنکەبووت)ی ئێستەی ئەوان ، لە داهاتوودا بەر لە میراتی هێشتا بەعەرەبکردنی کەرکووک ناگرێ وــ ئیستەرمە دەمەوێ ــ کەرکووک بۆ عەرەبە و ئی کورد نییە ، هــەمزە چی داوە لە عەباس..! با کوردیش ــ هەر ــ لە گوپی خۆی بدا ، سیر بخوا و زوڕنا لێ بدا ..!

کێشە تێگیراوە هەرە تۆقێنەرەکەی کورد لەوە دایە ، خۆی دەسکی ئەو تەوشووەیە کە ئەمڕۆ و بەیانی بۆ کەلوکلۆرمکردنی ئەو دەکاردێ...لە حکوومەتێک دایە ــ یا ڕاستترحکومەتێک دروست دەکاتەوە ــ هەر لە هــەنووکەوە بریاری دژ بە کوردستان دەردەکا و لێی بووەتە شمڵی شەڕ...لە هێزێکی سەربازی دایە ــ یا دروستتر هێزێک بنیات دەنێتەوە ــ هــەر لە ئێستەوە ــ هێشتا گاگۆڵەشی نەکردووە ــ چاو لە ئەفسەری کەرکووک ــ کەسەری دڵی کوردان ــ زەق دەکاتەوەو هــەیدێی لێ دەکاو دەخوازێ وەدەری بنێت... باشە! بەیانی و دووەی کە هەراش و فەراژی بوو، گۆشتی گرت و ماسوولکەکانی پتەو بوون، داخوا چ پۆیەکمان پێ دەکا وچ دارێکی تەمێکردنمان لە قەپرغە دەدات...؟!

ئەز حەیف و مخابنم لەوە دەمینێ ، لاوێکی زیت ، بەگەوهــەر و لەسەرهەستی وەکوو بەرهــەم ، کوردستانی لێ بێبەش کراوە، قانگ دراوەولە تونێلێک نراوە ، ڕەنگبێ خۆیشی نەزانێ کەی بنی دێ و تەواو دەبێ... هــەڵبەت

**زۆرانی وەک ئەو، زیخ و زرنگ و قۆچاخ، لەو وێستگەیەدا هێدمیان گرتووە وحەپەساون، نازانن شەمەندەفەرە شەق وشڕەکەی بەغدا بۆ کوێیان دەبا !!... هــەم لە کوردستان بوون و هــەمیش لە بەغدا ــ بۆ کورد ــ هچیان پێ نەکرا !!...**

**لەوەتی ئاغای جەعفەری هــەوساری حوکمداریی بەدەستەوە گرتووە ، ئەلهــەق دیومانە ــ بۆ مەسەلەی کورد ــ نوێژ نەکا ، لێبەلێ نەمان دیوە بەڕۆژوو بێت.!.. پیاو مەترسی لەوە دەکا ، ڕۆژێک وەکوو یارۆکەی ئەودیو کاتێ بە موفتی زادەی گوتبوو : ئێوە ئیسلامتان دەوێ یان خودموختاری؟ ! ئەویش ئەو پەندەمان پێ بکا و قەرزاریش ببینەوە... دەوجا ئاوێ بێنە و دەستان بشۆ!!**

**لێبەلێ خۆشبەختانە، هــەروەک چۆن جەعفەری خەتی گۆڕی ، وێ دەچێت ــ لەدوای ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییەی کوردستان ــ پێوەر و هاوکێشەکان بێنە گۆڕین ، ئەمەش لە خۆیدا قەندیلۆکەیەکی تروسکە بەخشە لە سەردەمی ئەنگوستەچاوی جەعفەریی لەبلەبان و ماری پێ لە سکدا... بڕواش ناکرێ لەم هەموو عیراقەدا بە ئەندازەی کورد ، پسپۆڕ و بە ئەزموونی وەکوو دکتۆر بەرهــەم و هاوشێوەکانی هــەبن، بەڵام کێشە وگرێپووچکەی پڕ لە دژواری کوردان لەوە دایە ، لەبری ئەوەی بە پلان ونەخشەی ورد ودرشت ، چارەی کێشەو دەردان بکەن ؛ دێن خۆ تەسمیلی قەدەرێک دەکەن کە پێشوەخت ــ سووڕ دەزانن ــ بە زیانی وان تەواو دەبێت.!.. ماجەڕای دوو ساڵی ڕابوردووش چاکترین شایەدە، ماستی ئازموودەش لە کەرەی نائازموودە چاکترە !**

**بە کاکە بەرهــەم دەڵێم : ئافەرین بۆ هــەڵوێستی مەردانە و قەبۆکاریی (تحدی) جوامێرانەت !! ئەز حەیرانێ تەمە!... بەڵام ئاخۆ فەرموودەی ڕووناک خانی دایکت لە بیرە کە لە هــەڤپەیڤینێکدا فەرمووبووی : _من ڕام لەگەڵ ڕای بەرهــەم نییە ،من ئازادیی کوردستانم دەوێ_ ؟!!... ئەرێ ..! منی برای بچووکی دایکیشت، دەڵێم : هــەڕوون بارگەتان تێک بنێن... بۆ هــەولێرێ تێی تەقێنن ...لەوێ ماڵی کورد هــەڵپەرتێون و ڕێکی بخەن ... کۆمارێکی ژیکەڵەوجوانکیلە پێکەوە بنێن وهــەڵیبخەن ...چونکە نە خورما لە چیایێ شین دەبێ، نە سێویش لە بیابانێ ... بە تەمای نیسکێش لە ئیمانێ مەگەڕێن ..!**

**mohsinjwamir@hotmail.com**